شانەی ڕاگەیاندنی ئەمنی دەستگیرکردنی دوو تیرۆرستی لەکەرکوک ڕاگەیاند

ئەمڕۆ سێشەممە، شانەی ڕاگەیاندنی ئەمنی دەستگیرکردنی دوو تیرۆریست لە کەرکوک ڕاگەیاند.

شانەکە لە ڕاگەیەندراوێکدا ووتی" بە هەوڵێکی تەکنیکی و ئۆپەراسیۆنێکی جۆری پێشوەختە، کە لەڕێگەیەوە مەفرەزەکانی بەڕێوەبەرایەتی هەواڵگری و ئاسایشی کەرکوکی سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی هەواڵگری و ئاسایشی کەرکوک بوون لە وەزارەتی بەرگری و بە هەماهەنگی لەگەڵ فەرماندەیی ئۆپەراسیۆنەکانی کەرکوک توانیان دوو تیرۆریستی لە قەزایکانی حەویجە و ڕیاز لە پارێزگای کەرکوک دەستگیر بکەن، وبەپێی بەڵگەکانی مادەی ٤ی یاسای دژە تیرۆر فەرمانی دەستگیرکردنیان هەبووە.

ئاماژەی بەوەشکردووە" ئەوان ڕەوانەی بەشی لێکۆڵینەوە کراون بۆ تەواوکردنی پەڕەی لێکۆڵینەوەکانیان.